# Dominant

ووشه ی(Dominant)یا ( دۆمینانت ) ، له زمانی کوردیدا به‌واتای ( زاڵ ) یا ( ده‌سه‌ڵاتدار ) دێت ، که یه‌کێکه له ده‌نگه گرنگه‌کانی په‌یژه‌ی موزیکیی ( ڕێکخراو ) یا ( په‌یژه‌ی دیاتۆنیک ) ، وه ئه‌م نۆته‌یه یا ئه‌م ده‌نگه له پاش ده‌نگی بنکه‌ی هه‌موو په‌یژه‌یه‌کی ڕێکخراو ده‌بێته دووم ده‌نگ یا نۆته‌ی گرنگ وه یه‌کێکه له ده‌نگه زاڵه‌کان له بیستندا ، نۆته‌ی ( دۆمینانت ) ده‌کاته ده‌نگی ( پێنجه‌م ) له هه‌موو په‌یژه‌یه‌کی ڕێکخراودا ، وه هه‌مان نۆته له ئاویزه‌کانیشدا هه‌مان گرنگی هه‌یه‌و هه‌ر به‌هه‌مان ناویش ناوده‌برێت . بۆزیاتر ڕوونکردنه‌وه بۆ نمونه ئه‌گه‌ر په‌یژه‌یه‌کی ڕێکخراو به‌ده‌نگی ( ڕێ ) ده‌ست پێبکات ، ئه‌وا ده‌نگی پێنجه‌می ئه‌و په‌یژه‌یه که ده‌کاته ده‌نگی ( لا ) ده‌بێته نۆته‌ی ( دۆمینانت) یا نۆته‌ی ده‌سه‌ڵاتدار ، وه‌ک نمونه‌ی نۆته‌که .

نمونه : نۆته‌ی ( دۆمینانت )




Muzic-chrakan
2005